ڕینماییەکانی هاندانی توێژینەوەی زانستی

یەکەم: ڕێنماییەکانی هاندانی توێژەران بۆ بڵاوکراوەی زانستی

1- گۆڤارەکانی لیستی کلاریڤەیت

بۆ گۆڤارەکانی خاوەن (Clarivate Analytics Impact factor), هاندانی توێژینەوە بەو جۆرەی کە لە خشتەی خوارەوە ئاماژەی پێدراوە دەبێت.

وە بڕی ئەو پارەی کە لەو خشتەی خوارەو دیاریکراوە ئەگۆڕێت بە گوێرەی ڕێزبەندی توێژەر لە توێژینەوەکە (یەکەم ١٠٠%, دووەم ٩٠%, سێیەم یان کۆریسپۆندینگ ئۆثەر ٨٠%, چوارەم ٧٠%, پێنجەم ٦٠%, شەش بۆ دە ٥٠%). ئەو توێژەرانەی ڕیزبەندیان لە ١٠ زیاترە, سوپاس و پێزانین وەردەگرن. وە کەمترین بڕی پارەکە لە ٣٠٠,٠٠٠ نابێت کەمتر بێت.

Impact factor			بڕی پارە بە دینار
0.2 >	IF	> 0	300,000
0.3 >	IF	≥ 0.2	350,000
0.4 >	IF	≥ 0.3	400,000
0.5 >	IF	≥ 0.4	450,000
0.6 >	IF	≥ 0.5	500,000
0.7 >	IF	≥ 0.6	550,000
0.8 >	IF	≥ 0.7	600,000
0.9 >	IF	≥ 0.8	650,000
1.0 >	IF	≥ 0.9	700,000
1.1 >	IF	≥ 1.0	750,000
1.2 >	IF	≥ 1.1	800,000
1.3 >	IF	≥ 1.2	850,000
1.4 >	IF	≥ 1.3	900,000
1.5 >	IF	≥ 1.4	950,000
Higher	IF	≥ 1.5	1,000,000

2- گۆڤارەکانی لیستی سکۆپەس

بـــــــۆ گـــــۆڤارەکانی کە لە لیستی سکۆپەس هاتوون, هاندانی توێژینەوە بەو جۆرەی کە لە خشتەی خوارەوە ئاماژەی پێدراوە دەبێت. جگە لە گۆڤارەکە, پێویستە خودی توێژینەوەکەش لە سکۆپەس ئیندێکس کرابێت و وە توێژینەوەکە هاتبێتە سەر حسابی زانکۆیی پۆلیتەکنیکی هەولێر. وە ئەو گۆڤارانەی کە ریزبەندیان کیو چوارە, سالانە توێژەر یەک جار بۆیی هەیە هاندان وەرگرێت.

وە بڕی ئەو پارەی کە لەو خشتەی خوارەو دیاریکراوە ئەگۆرێت بە گوێرەی ڕێزبەندی توێژەر لە توێژینەوەکە (یەکەم ئۆثەر ١٠٠%, دووەم ٩٠%, سێیەم یان کۆریسپۆندینگ ئۆثەر ٨٠%, چوارەم ٧٠%, پێنجەم ٦٠%, شـــەش بۆ دە ٥٠%). ئەو توێژەرانەی ریزبەندیان لە ١٠ زیاترە, تەنها ســـوپاس و پێزانین وەردەگرن. وە کەمترین بڕی پارەکە لە ٢٠٠,٠٠٠ نابێت کەمتر بێت.

بڕی پارە بە دینار	کوارتایەل
500,000	Q1
400,000	Q2
300,000	Q3
200,000	Q4

3- گۆڤارەکانی ناوەخۆ کە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کوردستانن

بۆ گۆڤارەکانی ناوخۆ (ناوەوەی هەرێمی کوردســـتان)، تەنها بۆ ئەو گۆڤارانە دەگرێتەوە کە لە لیســـتی گۆڤارە زانستیە باورپێکراوەکانی وەزارەت هاتوون (ژمارە ٦٤٩٧ بەرواری ٢٠٢٠/٨/٩), بڕی (١٥٠,٠٠٠) هەزار دینار خەرج دەکرێت، وە ســـاڵانە تەنها یەك جار خەرج دەکرێت. جگە لە گۆڤاری پۆلیتەکنیک بۆ زانســـتە پەتیەکان کە بڕی ١٥٠,٠٠٠ دینار خەرج دەکرێت وە سالانە دوو جار.

4- گۆڤارەکانی ناوەخۆ کە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی ناوەندین

بۆ گۆڤارەکانی ناوخۆ (دەرەوەی هەرێمی کوردســتان) ، تەنها بۆ ئەو گۆڤارانە دەگرێتەوە کە لە لیســتی گۆڤارە زانســـتیە بـاورپێکراوەکـانی وەزارەت هـاتوون (Iraqi Academic Scientific www.iasj.net Journals), بڕی (١٥٠,٠٠٠) هەزار دینار خەرج دەکرێت، وە ســاڵانە تەنها یەك جار خەرج دەکرێت. وە گۆڤارەکە مەرجە کە لیستی DOAJ ئیندێکس کرابێت.

5- بڵاوکردنەوەی پەرتووك

خەرج کردنی بڕی پارەی هاندان بۆ دانانی کتێبێکی پرۆگرامەکانی خوێندن ، یان یارمەتیدەر بێت بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن وە یاخود کتێبێکی گشـتی بێت وە ئیندێکس کرابێت لە دەزگایەکی باوەڕ پێکراوی جیهانی یان لە پرۆسـەی

هەڵســـەنگاندنی زانســـتی بە پێ ڕێینمایەکانی زانکۆ. وە مەرجە پەرتووکە کە خاوەنداریەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر هەڵگریت.
کتێبێک یان چاپتەرێک لە کتێبێک (بەو مەرجەی کە نابێت کۆکراوە یان وەرگێردراو بێت), پێویســتە بلاوکراوەی کتێبەکە (دەزگاکان) ناویان لە لیستی (Web of Science) هاتبێت بۆ نێودەولەتیەکان وە بۆ ناوخۆیەکان پیویستە ISBN هەبێت.

بواری کتێب	بڕی پارە (دینار) بۆ هەر کتابێک
زانستی	٦٠٠,٠٠٠
مرۆڤایەتی	٤٠٠,٠٠٠

6- بەدەستهێنانی گرانت

بەدەستهێنانی گرانت لە لایەن مامۆستایەک یان تیمێک لە مامۆستایان, پاداشت دەکرێن لە لایەن زانکۆ بە میکانیزمێکی گونجاو بە پێی سروشتی پرۆژەکە بە ڕەزامەندی زانکۆ.

7- داهێنانی زانستی (Patent)

داهێنانی زانستی متمانە وەردەگرێت بە گوێرەی ئەو ڕێنمایانەی دیاریکراون لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان. پاتێنتەکە پێویستە لە لایەن WIPO تومارکرابێت. بۆ هەر داهێنانێك لەسەر ئاستی نێودەولەتی بێت, بڕی (2.000.000) تەنها دوو ملیۆن دینار خەرج دەکرێت بە گوێرەی ریزبەندی توێژەر (یەکەم ئۆتەر ١٠٠%, دووەم ٩٠%, سێیەم ٨٠%, چوارەم ٧٠%, پێنجەم ٦٠%, شەش بۆ دە ٥٠%).

دووەم: خاوەنداریەتی توێژینەوە

سەبارەت بە مامۆستایانی زانکۆکەمان ئەبێ خاوەنداریەتی (Affiliation) بۆ زانکۆکەمان بنووسن بەو شێوەی خوارەوە:

(Name of department, Name of institution or name of college), Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan-Region, Iraq.

هەڵە نوسین لە خاوەنداریەتی توێژینەوە, توێژەر بێبەش دەبێت لە هاندان.
سەبارەت بەو مامۆستایانەی ئیعارە کراون بۆ زانکۆکانی تایبەت لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی ئەبێ خاوەنداریەتی بۆ زانکۆکەمان بنووسن سەرەرای ئەو زانکۆیەی کە بۆی ئیعارە کراون.
سەبارەت بەو ماموستایانەی کە وانەبێژی دەرەکین یان بەشێوەی گرێبەستی کاتی لە کۆلێژە تەکنیکیەکەیان سەر بە زانکۆکەمان کاردەکەن برگەی (ســێیەم) ڕێنماییەکانی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانســتی دەیانگرێتەوە، ئەگەر خاوەنداریەتی توێژینەوەکەیان بۆ زانکۆکەشمان بنووسن.
وە مامۆستا بۆی هەیە تەنها دوو خاوەنداریەتی بنوسێت بە مەبەستی سوو وەرگرتن بۆ ڕانکی نیشتمانی (NUR).

سێیەم: هاندانی گشتگر

١. بە مەبەستی بەرەو پێشوەچون و پەرەپێدانی توێژینەوەکانی گۆڤارەکانی زانکۆمان و بەکارهێنانانیان وەک سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوە لە گۆڤارە نێودەولەتیەکان, هاندانی توێژینەوە زیاد دەکرێت بە گوێرەی بەکارهێنانی ژمارەی ئەو توێژینەوانەی (سەرچاوانەی) کە سەر بە زانکۆی پۆلیتەکنیکن. رێژەی هاندانی بنچینەیی بە گوێرەی ئەو لیستەی خوارەوە زیاد دەبێت. وە پێویستە توێژەر زۆر ئاگادار بێت لە هەژاردن یان بەکارهینانی سەرچاوە زانستیەکان. واتا پێویستە ئەو توێژینەوانەی وەک سەرچاوە بەکاردێن تەواو بگونجێن لەگەل ناوەرۆکی توێژنەوە نوێکە ئەگینا توێژەر لێپرسینەوەی لەگەل دەکرێت.

ژمارەی توێژینەوە	رێژەی زیادکردن هاندان
یەک بۆ دوو توێژینەوە	10%
زیاتر لە دوو توێژینەوە	20%

٢. بە مەبەستی هاندانی توێژەرانمان بۆ کارکردن لەگەل توێژەرە بیانیەکان, هەر توێژینەوەیەک کە لە گۆڤاری زانکۆ بلاوبکرێتەو بە هاوکاری لە نێوان توێژەرانی زانکۆمان و توێژەرە بیانیەکان, رێژەی هاندانی بنچینەیی بە گوێرەی ئەو لیستەی خوارەوە زیاد دەبێت. وە ئەو توێژەرە بیانیانە پێویستە بە لایەنی کەم ١٠٠ سایتەیشنی سکۆپەسیان هەبێت و توێژەری بە توانا و ناسراو بن.

ژمارەی توێژینەوە	رێژەی زیادکردن هاندان
توێژەری بیانی بۆ ولاتی دووبارە	%25
توێژەری بیانی بۆ ولاتی جیاواز	%50

٣- بۆ توێژەری بیانی لە کاتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەیەک لە گۆڤاری زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر (٢٠٠،٠٠٠) دینار خەرج دەکرێت وە لەکاتی بەکارهێنانی توێژینەوەکانی گۆڤاری پۆلیتەکنیک وەک سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوەکەی لە گۆڤارەکانی کلاریڤێتڤو سکۆپاس بەم شێوەیەی خوارەوە پاداشتی بۆ خەرج دەکرێت.

بۆ دوو توێژینەوە	١٠٪ زیاد دەکرێر
لە سێ توێژینەوەو زیاتر	٢٠٪ زیاد دەکرێت

٤. بە مەبەستی هانادانی ئیدیتەری گۆڤاری زانکۆکەمان و خێراکردنی پرۆسەی بلاوکردنەوە, بۆ سەرپەرشتی کردنی هەر توێژینەوەیەک, دوای دەرچونی هەر بەرگێک, سەرنوسەری بەرێوەبردن بری ١٠٠,٠٠٠ هەزار وەردەگرێت. وە سەرنوسەری سەرپەریشتیار بۆ هەر توێژینەوەیەک بڕی ٥٠,٠٠٠ دینار وەردەگرێت.

٥. بۆ هەر ١٠٠ سایتەیشنێک یان ١٠ ئیمپاکت فەکتەر, توێژەر سوپاس و پێزانینی فعلی پێ دەدرێت. لە سالێک دا توێژەر بۆی هەیە تا ٣ سوپاس و پێزانین وەربگرێت.

٦. بروانامەی رێزلێنان دەدرێت بە توێژەر بۆ هەلسەنگاندنی هەر توێژینەوەیکی زانستی بۆ گۆڤاری پۆلیتەکنیک.

چوارەم: شایستە داراییەکان

١. لە کۆتایی هەر دانیشتنێك بۆ کەیسەکانی هاندانی دەرهاویشتە زانستیەکان ، بۆردی توێژینەوەی زانستی پێشنیارەکان بەرز دەکاتەوە بۆ بەرێز سەرۆکی زانکۆ بۆ پەسەند کردنی بڕگەکان.

٢. خەرج کردنی شایستە داراییەکان پەیوەستە بە ڕەزامەندی سەرۆکی زانکۆ و هەبوونی بوودجەی پێویستە, وە هەروەها کاریگەری هەبێت لەسەر ڕانکی زانکۆ لەسەر ئاستی نێودەولەتی و ناوەخۆ.

٣. توێژەر پێویستە توێژینەوەکەی لە رێگەی ئەو مەلپەرەی خوارەو بنێرێت بۆ لیژنەی بەرپرسیار

WWW.RSR.EPU.EDU.IQ

٤. ئەو رێنماییانەی پەیرەو دەکرێت لە ٢٠٢٣/٩/١ تاوەکو ٢٠٢٤/٨/٣١

(کۆتایی هات – ئەم ڕێنماییە بریتیە لە پێنج لاپەڕە)